# توندوتیژیی سێکچواڵی دژی ژنان وکچان وەک چەکێکی جەنگ وجینۆساید

## ژنان وکچانی ئێزدی بە نموونە

**م. ڕۆشنا جمال محمود امین**
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ بەشی پەیوەندی نێودەوڵەتی/زانکۆی سلێمانی
roshna.emin@gmail.com
roshna.mahmood@univsul.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتن : ٢٠-٤-٢٠٢٤ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ٢٠-٥-٢٠٢٤

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (توندوتیژیی سێکچواڵی دژی ژنان وکچان وەک چەکێکی جەنگ وجینۆساید. ژنان وکچانی ئێزدی بە نموونە)، چەمکی توندوتیژیی سێکچواڵی[1] و بەکارهێنانی وەک چەکێک لە جەنگ و ململانێ چەکداری و جینۆسایدەکاندا لە دژی ژنان و کچان دەخاتەڕوو، کەوا دیاردەیەکە بە درێژایی مێژوو بوونی هەیە و بۆ ماوەیەکی زۆر بە بەشێکی حەتمی و کاریگەرییەکی لاوەکی جەنگ و جینۆسایدەکان دەستنیشان دەکرا. ئەم بابەتە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە جێگەی سەرنجی گشتی و ئەکادیمی. بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە وڕاپۆرتە ئەکادیمییەکان، زۆرجار توندوتیژیی سێکچواڵی وەک چەکێکی جەنگ دەکرێتە ئامرازێک بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەی گروپی قوربانیدا، لە ڕێگەی دەستدرێژی وزەلیلکردن وترساندن وچەوساندنەوەی ژن وکچەکانیانەوە، کە لەسەر دەستی گروپە چەکدارەکان ومیلیشیا وهێزەکانی حکومەت و تەنانەت سیڤیلەوە ئەنجامدەدرێت. لە سەردەمی ئێستاماندا ئەم توندوتیژییە لە زۆری وولاتەکانی جیهان پەیڕەودەکرێت، هەر وەک لە ئۆکرانیا، سوریا، ئەفغانستان، عێراق، ئەسیوپیا و هی دیکە. لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکچواڵی لە جەنگ وجینۆسایدەکاندا دەکرێت و میکانیزمی ڕێگریگرتن و پاراستنی گروپە بەئامانجکراوەکان بەتایبەت ژنان و کچان لەم تاوانە قێزەونە و دەخرێنەڕوو، هەروەها توێژینەوەکە هەوڵ دەدات، باس لە دیارترین کاریگەرییەکانی ئەم تاوانە دژ بەمرۆڤایەتییە لەسەر ژیان و باری دەروونی و تەندروستی قوربانییەکان بکات، کە بە ئەنجام کاریگەری لەسەر مانەوە و بوونی پێکهاتە و نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکان دادەنێت. لەم توێژینەوەیەدا فۆکەس دەخرێتە سەر بەکارهێنانی تاوانی توندوتیژی سێکچواڵی وەک چەکێک لە دژی ژنان وکچانی کورد، بەتایبەت ژنان کچانی کوردانی ئێزدی لە میانەی جینۆسایدی شنگال وناوچەکانی دەوروبەری لەسەر دەستی تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وسوریا (داعش) لە ساڵی ٢٠١٤. لە پاڵ ئەمانە و توێژینەوەکە گرنگترین ئەو هەوڵە نێودەوڵەتیانە دەخاتەڕوو، کەوا گیراونەتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی ئەم تاوانە لە پێناو قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی توندوتیژیی سێکچواڵی و دەستەبەرکردنی مافی قوربانیان.

**کلیلەوشە**: توندوتیژیی سێکچواڵی، جەنگ، جینۆساید، ژنان وکچانی ئێزدی، داعش

---

[1] توێژەر بەکارهێنانی دەستەواژەی "سێکچواڵی" هەڵبژاردووە بۆ وەسفکردنی ئەم جۆرە توندوتیژییە، بە هۆی: ١) نزیکە لە وشەی ئینگلیزی Sexual و ئەڵمانی Sexualisiert و لاتینی Sexualized ، کە بە هەمان شێوە لەگەڵ ووشەی توندوتیژی لە هەرسێ زمانەکاندا بەکاردەهێنرێت، ٢) ووشەی "سێکچواڵی" گونجاوترە لە ووشەی "سێکسی" بۆ وەسفکردنی ئەم جۆرە توندوتیژییە، چونکە ووشەی "سێکسی" لە فەرهەنگی ئینگلیزی و ئەڵمانیشدا بە مانای "ورووژێنەر" یاخود "سەرنجڕاکێش" دێت، کە لەگەڵ چەمکی توندوتیژیدا یەکناگرێتەوە.

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (توندوتیژیی سێکچواڵی دژی ژنان وکچان وەک چەکێکی جەنگ وجینۆساید. ژنان وکچانی ئێزدی بە نموونە)، هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە سالآنێکە ناوەندە زانستی وئەکادیمییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەویش، کە ئایا توندوتیژیی سێکچواڵی تەنها بەرهەمێکی لاوەکی جەنگەکانە، یاخود بە شێوەیەکی سیستماتیک وەک چەکێکی جەنگ بەکاردەهێنرێت؟ چ میکانیزم ورێگەوشوێنێک دەتوانرێت بگیرێنەبەر لە پێناو پاراستنی قوربانییان لە شالاوی دەستدرێژی و توندوتیژی سێکچواڵی و بەرەنگاربوونەوە وقەدەغەکردنی لەسەر ئاستی ناوخۆ ەنێوەدەوڵەتی؟ هەروەها لێلکۆڵینەوە لەو هۆکار وباروردۆخە دەکات، کە لە جەنگ وململانێی چەکداری وجینۆسایدەکاندا لە پشتی ئەنجامدانی ئەم تاوانەوەن. ئەم توێژینەوەیە لەپاڵ میتۆدی بەراوردکاری مێژوویی ومیتۆدی وەسفی شیکاریی پشتی بە تیۆری فێمینیزم بەستووە لە خستنەڕوو شیکاری بابەتەکاندا. لەم توێژینەوەیەدا باس لە تاوانی فێمیسایدی[٢] (ژنکوژی) دەکرێت، کە تاکوو ئێستا تەنها هەندێ لێکۆڵینەوەی تایبەت بەم وتوندوتیژییەی دژی ژنان هەن، بەڵام هێشتا هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستاندا نەکراوە. لەڕوانگەی کەمی توێژینەوە وسەرچاوە لەسەر ئەم بابەتە، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەپێویست زانرا لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە ڕۆشناییەک بخرێتە سەر بابەتەکە وبیرۆکەیەک بۆ خوێنەر دابین بکرێت تاوەکو بتوانێت لە هۆکار وباروردۆخی ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژیی سێکچواڵی تێبگات وهوشیاری بدرێت لەسەر میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی یاسایی وڕێگریکردن لەم تاوانە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی پێداچوونەوەیە بە چەمکی تاوانی توندوتیژیی سێکچواڵی لە میانەی جەنگ وجینۆسایدا، وەک بابەتێکی جەوهەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وناوخۆیی، هەروەها دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە ودیاریکردنی میکانیزمی ڕێگریگرتن و پاراستنی پێکهاتە یاخود گروپە بەئامانجکراوەکان لێی و خستنەڕووی کاریگەرییەکانی ئەم تاوانە دژ بەمرۆڤایەتییە لەسەر قوربانییەکان و دەرئەنجامەکانی لەسەر ژیان و باری دەروونی و تەندروستی و مانەوە و بوونی پێکهاتە و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان.

**کێشەی توێژینەوە:**

لەگەڵ ئەوەی تاوانی جینۆساید لە یاسا نیشتمانییەکانی زۆرێک لە وڵاتاندا بە تاوانی دژبەمرۆڤایەتی ناسراوە و سزای یاسایی بۆ تاوانبارانی دانراوە، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆ نەدراوە بە چارەنووسی ژنان و کچانی قوربانی جەنگ و

٢ تێرمی فێمیسایدی (ئینگلیزی: Femicide) لە هەردوو ووشەی لاتینی „femina“ واتە مێ یاخود ژن و ووشەی „caedere“ واتە کوشتن پێکهاتووە. بۆ یەکەم جار لە بریتانیا فەرهەنگێکی یاسایی لە ساڵی ١٨٤٨ ئەم زاراوەیەی بە "ژنکوژی" پێناسە کردووە. فێمیساید بریتیە لە کوشتنی ژنان وکچان بە هۆی ڕەگەزیانەوە. هەروەها کوشتنی ژنان لەسەر دەستی هاوژین وئەندامانی خێزانەکانیان و کوشتن بە ناوی "شەرەف" وکوشتنی بە ئامانج لە دژی ژنان و کچان لە ململانێی هێزە چەکدارەکان و حاڵەتەکانی ژنکوژی پەیوەست بە تاوانی باندەکان یان ڕێکخراوەکانی مافیای بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن بە ژنان و کچانەوە، بە نموونە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

جینۆسـایدەکان. دڕندەیی ئەم تاوانە زۆربەی کات چاوپۆشـی لێ کراوە. لە کاتێکدا ئەم کەیسـە شـایانی لێکۆڵینەوەی زیاترو چڕترە، بەتایبەت کەیســەکانی توندوتیژیی ســێکچواڵی دژی ژنان وکچانی کورد لە میانەی جەنگ وهێرشــە چەکدارییەکان وجینۆسایدەکانی دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراون.

**توێژینەوەی پێشوو:**

بابەتی توندوتیژیی سـێکچواڵی لە جەنگ و جینۆسـایددا، گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و سـەرچاوە و توێژینەوە لەبارەیەوە هێشتا لە ئاست گرنگی و مەترسی تاوانەکە کەمن. یەکێک لەو سەرچاوانەی کە بە ووردی لەسەر ئەم بابەتە نوسراوە، کتێبی (جەستەمان بەرەی جەنگی ئەوانە. جەنگ چی بەسەر ژنان دێنێت) (Our Bodies their battlefield. What war does to women) ساڵی ٢٠٢٠ ، لە نوسینی ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی (کریستینا لامب) (Christina Lamb). لەم کتێبەدا دەنگ بە ژنانی قوربانی دەدات، لەوانە ژنان و کچانی ئێزدی و چۆن دەستدرێژی سێکچواڵی لە جەنگەکاندا لەلایەن سوپا و تیرۆریستان و میلیشیاکانەوە وەک چەکێک بۆ سـەرکوتکردن و ئەنجامدانی جینۆسـاید بەکارهێنراوە. هەروەها کتێبی (توندوتیژیی ســێکچواڵی وەک چەکی جەنگ؟ تێگەیشــتن – ڕێنماییەکان. کێشــەکانی کۆنگۆ و دەوروبەری) (Sexual violence as a weapon of war? Perceptions, prescriptions, problems in the Congo and beyond) ساڵی ٢٠١٣، لە نووسینی (ماریا ئێریکسۆن باز) (Maria Eriksson Baaz) ، پسپۆڕی توێژینەوەی بواری جەنگ و (ماریا شتێرن) (Maria Stern) ، نوسەری نەمساوی، باس لە لایەنەکانی توندوتیژیی سێکچواڵی پەیوەندیدار بە ململانێکانەوە دەکەن و چۆن دەکرێت ئەم دەسـتدرێژییە وەکو سـتراتیجێکی جەنگ سـەیربکرێت و چۆن فەرمانی ڕاســتەوخۆ بۆ ئەنجـامـدانی ئەم تـاوانە دەردەکرێـت، بەتـایبەت لە کۆمـاری دیموکراتی کۆنگۆ. لەم توێژینەوەیەدا (توندوتیژیی سێکچواڵی دژی ژنان و کچان وەک چەکێکی جەنگ و جینۆساید. ژنان و کچانی ئێزدی بە نموونە) لە پاڵ چەمکی توندوتیژیی سێکچواڵی باس لە مەترسی ئەم توندوتیژییە لە جەنگ و ململانێی چەکداری و جینۆسایدەکاندا دەکات بە گشــتی و دژ بە ژنان و کچانی کورد بەتایبەتی. هەروەها باس لە پاڵنەرە تایبەتەکانی تیرۆریســتانی داعش دەکات بۆ بەکارهێنـانی دەســتدرێژی بەکۆمەڵ وەک ســتراتیجێکی جەنگ لە دژی ژنـان و کچـانی کوردی ئێزدی لە جینۆسایدی شنگال ساڵی ٢٠١٤.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە، پێشەکی و چوار بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە ڕاسپاردەکان پێکهاتووە، بەشــی یەکەم پێناســە و میکانیزم و هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژیی ســێکچواڵی و کاریگەریەکانی لەخۆگرتووە، بەشی دووەمیش مێژووی ئەم توندوتیژییە لە ئەوروپا و جیهان و کوردستان باس دەکات. بەشی سێهەم توندوتیژیی ســێکچواڵی لە دژی ژنـان و کچـانی کورد بەتـایبەت ئێزدی و ئـامـانجی داعش لە پەیڕەوکردنی ئەم توندوتیژییە گرتۆتەخۆ، لە دوا بەشــیشــدا باس لە هەندێک هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە دەکات.

**میتۆدی توێژینەوە:**

ســروشــتی توێژینەوەکە پێویســتی دەکرد، کە پشــت بە زیاتر لە میتۆدێک ببەســتریت بۆ نوســینەوەی، ئەوانیش میتۆدی بەراوردکاری مێژوویی ومیتۆدی وەسفی شیکارییە.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

### بەشی یەکەم: چەمکی توندوتیژیی سێکچواڵی

توێژەران جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەستدرێژی سێکچواڵی لە جەنگدا بەشێکە لە بەردەوامی پێدان بە توندوتیژی دژی ژنان و کچان، کە بەکۆتاییهاتنی جەنگیش هەر کۆتایی پێنایەت. ئەو تیۆرییە سەرەکیانەی لە توێژینەوەکانی تایبەت بە چەمکی دەستدرێژیی سێکچواڵیی پەیڕەودەکرێن، ڕۆڵی ئارەزووی سێکچواڵی بە مانا کۆمەڵایەتیی و کەلتورییەکەی چ لە کاتی ئاشتی چ لە جەنگدا بەدووردەگرن، کەوا پاڵنەرێک بێت بۆ ئەنجامدانی دەستدرێژی سێکچواڵی. بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەیگەڕێننەوە بۆ بوونی نەخۆشییە دەروونییەکانی، کە پەیوەستن بە دەسەڵاتەوە یاخود وەک چەکێکی جەنگ باسی لێوە دەکەن، کە بۆ مەبەستی سیاسی و ستراتیژی لە کاتی ململانێدا بەکاردەهێنرێت و وەک "چەکی جەنگ" و جەستەی مێینە وەک "سەنگەر" (Stiglmayer, 1993) یاخود "بەرەی جەنگ" وەسف دەکەن.

### باسی یەکەم: پێناسەی توندوتیژیی سێکچواڵی

توندوتیژیی سێکچواڵی بریتییە لە هەموو کردەوەیەکی توندوتیژی، کە لە ڕێگەی دەستدرێژی سێکچواڵیەوە ئەنجام دەدرێت لە دژی ژنان وکچان و منداڵان و تەنانەت هەرزەکار و پیاوان، بە دەستلێدان و ووشەی نەشیاو دەستپێدەکات تا دەگاتە ئەوپەڕی توندوتیژیی جەستەیی. (Zartbittere.V, 2024). بە پێی پێناسەی سەنتەری هەماهەنگی حکومی ئەڵمانی CORA، توندوتیژیی سێکچواڵی دەکرێت بە شێوازی زارەکی و جەستەیی بێت، کە دژی خواستی کەسی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت و ئەو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە، وەکو تەماشاکردنی نەشیاو، تیروتوانجی سوکایەتیپێکردن و دەست لێدانی بێزارکەر، ناردنی نامە و ئیمەیڵ بە ناوەڕۆکی سێکچواڵییەوە، کاری سێکچواڵی زۆرەملێ تا دەگاتە لاقەکردن یاخود دەستدرێژی جەستەیی. ئەم توندوتیژییە لە کاتی ئاشتی و لە ناو کۆمەڵگەی سیڤیلدا بە ڕێژەی دوو لەسەر سێی هەموو کەیسەکان، لە ماڵەکاندا، لە لایەن ئەندامانی خێزان و لە شوێنی کار لەلایەن بەرپرس وهاوپیشەکانەوە ئەنجام دەدرێن. گرووپی کچان وژنان و منداڵانی کەمئەندام زیاتر دوچاری دەبنەوە (CORA, 2021). کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR ئەم جۆرە توندوتیژییە بە توندوتیژی لەسەربنەمای ڕەگەز(جێندەر) پێناسە دەکات، کەوا بریتییە لە توندووتیژی جەستەیی و هەستی، لە ڕێگای هێز(زەبر)، ناچار کردن، هەڕەشە کردن، و فێڵ، بەرامبەر کەسێکی تر بەهۆی ڕەگەزیانەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی قوربانیان و ڕزگاربووان ژنان وکچانن، بەڵام دەکرێت پیاوان و کوڕانیش بناڵێنن بەدەست توندوتیژی لەسەربنەمای ڕەگەز(جێندەر). (UNHCR, 2022) ئەم توندوتیژییە پەیوەستە بە ئازار و بێدەسەڵاتی قوربانیان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاریگەرییەکانی، کە زۆریان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و هەندێکیان داوای پشتیوانی و چارەسەر دەکەن، بەڵام کەمیان پەنا دەبەنە بەر ڕێوشوێنی یاسایی و تەنها لە یەک لەسەر پێنجی کەیسەکاندا تاوانبار سزای خۆی وەدەگرێت (Gysi&Rüegger, 2018). توندوتیژیی سێکچواڵی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، کە لە زۆر بواردا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە و پرۆسەیەکی غەریزەیی کۆنترۆڵنەکراو نییە، بەڵکو بە پێی بڕیارێکی پێشوەخت ئەنجام دەدرێت و مافەکانی مرۆڤ و مافە بنەڕەتیەکان و سیاسی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و هەروەها مەسەلەی پاراستنی ژن و منداڵ و نەوجەوانان و چەندەها پرسیاری ئەخلاقی دەخاتە ڕوو و مۆراڵ و پێوەرەکانی ئێستای کۆمەڵگەکان دەخاتە ژێر پرسیارەو (Kavemann, 2024) .



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی دووەم: توندوتیژیی سێکچواڵی لە چوارچێوەی جەنگ وجینۆسایددا**

توندوتیژیی سێکچواڵی لە چوارچێوەی جەنگ وجینۆسایددا، دیاردەیەکی نوێ نییە، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر وەک جۆرێک لە کاریگەریی لاوەکی وحەتمی جەنگەکان لەقەڵەم دەدرا. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری نەدەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە (Fleming, 2022) . هەندێک سەرچاوە وەکوو " توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری" پێناسەی دەکات، کە بەرامبەر ژن دەکرێت بەهۆی ڕەگەزەکەیەوە و بە جۆرێک لە جیاکاری لە دژی ژنان وەسف دەکرێت و وەک تاوانێکی "نەبینراو" دەمێنێتەوە، چونکە هەستکردنی قوربانییەکان بە تاوانباری و شەرم و ترس لە تۆڵەسەندنەوە ڕەنگە ڕێگری بکات لە ئاشکراکردنی (غاجولی، ٢٠١٤ ). هەروەها بە بەشێک لە پرۆسەی فێمیسایدیش (ژنکوژی) دادەنرێت، کەوا لە شاڵاوە سەربازییەکاندا بەمەبەستی لە ناوبردنی فیزیکی و کولتوری گروپی قوربانی ئەنجام دەدرێت (امین, ٢٠٢٣). جینۆسایدیش لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتی پاکتاوی فیزیکی و کولتوری گروپی قوربانییەوە ئەنجامدەدرێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە یەکێک لەو چەکە کاریگەرانە بۆ ئەنجامدانی جینۆساید و تەنانەت بەردەوامی پێدانی، بریتییە لە توندوتیژیی سێکچواڵی. لە قۆناغی سەرەتایی جینۆسایددا، زۆرجار پیاو و کوڕانی گروپەکە لەسێدارە دەدرێن یاخود لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێن، بەڵام ڕێوشوێنی مردنی خاو لە دژی ژنان و کچان دەگیرێتەبەر، کاتێک بە زیندوویی دەهێڵرێنەوە و دەخرێنە بەر شاڵاوی دەستدرێژی سێکچواڵی، کە زۆر جار دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستی درێژخایەن و مردنیان لە کۆتاییدا.

(ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس) António Guterres سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکیدا لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢دا، ئامارێکی ترسناکی ئاشکراکرد، کە دەکرێت بەڵگە بێت بۆ زیادبوونی ئەم تاوانە لە سەرانسەری جیهاندا، کاتێک ڕایگەیاند، کەوا کۆی گشتی (٤٩) چل ونۆ لایەنی دەوڵەتی و نادەوڵەتی، لەو قۆناغەدا تاوانی توندوتیژیی سێکچواڵییان لە جەنگەکاندا لە سەر دەستی سەرباز و پۆلیس و گرووپە چەکدارەکان و هاوڵاتی سڤیل ئەنجام داوە. ڕێژەی قوربانییەکان (٩٧٪ ) لەسەدا نەوەت و حەوتی لە ڕەگەزی مێن. هەروەها گروپی نێر و جێندەری و ترانس ڕووبەڕووی ئەم توندوتیژییە دەبنەوە (Böhme, 2022) .

**باسی سێهەم: شێواز وکاریگەرییەکانی توندوتیژیی سێکچواڵی لە جەنگ وجینۆسایددا**

لە پێناو پشتگیری لە ڕزگاربووان و قوربانیانی ئەم توندوتیژییە، گرنگە لێکۆڵینەوە لە هەموو جۆرە توندوتیژییە سێکچواڵییەکان لەبەرچاو بگیرێن وباسبکرێن، کە بریتیین لە لێدان و لاقەکردن و دەست لێدانی ئەندامەکانی جەستە، پیشاندانی وێنەی نەخوازراو و ناردنی وێنەی پۆرنۆگرافی، بەشداریپێکردنی زۆرەملێ لە فیلمی پۆرنۆگرافی،

ئەشــکەنجە و بریندارکردنی ئەندامی زاوزێ، کۆیلایەتی ســێکچواڵی، پێدانی نان بەرامبەر بە دەســتدرێژیکردن، ڕووتکردنەوە لە جل و بەرگ، لەشــفرۆشــی زۆرەملێ، هاوســەرگیری زۆرەملێ، دووگیانکردنی زۆرەملێ، لەباربردنی زۆرەملێ و قەدەغەکردنی منداڵبوون و تووشکردن بە نەخۆشییە گواستراوەکانی وەک ئایدز. ئەمانە وڕفاندن وفشار وتوندوتیژیی دەروونی وهیتر(medicamondialee.V., 2023) . کاریگەرییەکان دەکرێت ببنە درێژخایەن وقوربانی بە درێژایی ژیانی بەدەستیانەوە بناڵێنێت، کە گرنگترینترینییان بریتین لە:

**١- کاریگەریی تەندروستی**

ئەم دڕەندەییە دەبێتە هۆی دروســتکردنی چەندەها گرفت وکاریگەریی تەندروســتی خەتەرناک بەســەر جەســتە ودەروونی قوربانیان و منداڵ و کەس وکاریانەوە، کاتێک دەبێتە شێواندن و بریندارکردنی ئەندامی زاوزێ و توشکردن بە نەخۆشی و کەمئەندامی. زۆرجار قوربانی بەمەبەست توشی نەخۆشی درێژخایەن و گواستراوە دەکرێت، بەنموونە توشکردنی بەمەبەستی زۆربەی قوربانییەکانی جینۆسایدی ڕواندا لە ژنان و کچان بە نەخۆشی ئایدز، کە مەبەست لێی مردنی خاو و کەمکردنەوەی ژمارەی گروپی قوربانیە.

**٢- کاریگەریی کۆمەڵایەتی**

دەســتدرێژی بۆ ســەر ژنان کاریگەریی نەرێنی هەیە لەســەر پەیوەندی نێوان ژن ومێرد، چونکە زۆرجار قوربانی بە شێوەیەک زەرەری پێدەگەیەنرێت، کە چیتر ئارەزووی جووتبوونی نەمێنێت. ئەو کچانەی ڕزگاربووی دەسدرێژییەکانن، زۆرجار ئەســتەمە بەشــێوەیەکی ئاســایی لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەوە قبوڵ بکرێنەوە و بتوانن ژیانی هاوســەرگیری پێکبێنن. لە هەندێک حاڵەتدا تاوانباران هەڵدەســتن بە پەیڕەوکردنی ســیاســەتی گۆڕینی نەژادی منداڵەکان و دروستکردنی نەوەیەکی سەر بە نەتەوە و ئاینی خۆیان وەکو لایەنی زاڵ و براوە، بۆ نموونە ژنانی موسڵمانی بۆسنە لەلایەن ســەربازە ســربەکانەوە دەســتدرێژییان دەکرایەســەر تا دووگیان دەبوون، ئەم ســیاســەتە بەهەمان شــێوە چەکدارانی داعش پەیڕەوییان کرد بەرامبەر بە ژن و کچی کوردانی ئێزدی (امین, ٢٠٢٣). دەستدرێژی بەکۆمەڵ دەبێتە هۆی دروســتکردنی ترس وتۆقاندن لە نێو دانیشــتوانی ناوچە داگیرکراوەکان و دابەزینی ورەیان. یەکێک لە هۆکاری ســەرەکی ڕاکردن و هەڵهاتنی بەکۆمەڵی خەڵکی ســیڤیل لە ماڵ و زێدی خۆیان، ترســی هەڵمەتی دەســتدرێژیی ســێکچواڵییە لە ژن و کچەکانیان لەلایەن ســوپا و گروپە چەکدارەکانەوە. ژیانی داهاتووی قوربانییەکان لە ژێر کاریگەریی ئەو دەستدرێژییانەدا دەگوزەرێت، وەکوو دەربەدەری، ئاوارەیی، پەنابەری، کە چەندەها کارەساتی مرۆیی وژینگەیی لێدەکەوێتەوە.

**٣- کاریگەریی ئابووری وژینگەیی**

قوربانیانی ڕزگاربووی ئەم تاوانی توندوتیژییە ناچاردەکرێن ژینگەی سروشتی خۆیان بەجێبهێڵن و زۆربەی جار توشی گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە و کار و پیشەی پێشوویان دەبن و زۆریان ماڵ و موڵکیان داگیردەکرێت و بێ دەرامەت و سەرچاوەی بژێوی ژیان دەمێننەوە، بە نموونە ژنانی ڕزگاربووی جینۆسایدی ئەنفال، کاتێک لە ئۆردوگای زۆرەملێدا نیشتەجێکران، کە تەواو نامۆ بوو بۆیان و بە بێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی لە بەرامبەر سەختی و مەترسییەکی گەورەدا بێ بەرگری مانەوە. لای تاوانباران ئاشکرایە، کە بەکارهێنانی توندوتیژیی سێکچواڵی چەندە کاریگەری گەورەی لە شکستپێهێنانی خێرا و لەناوبردنی گروپی قوربانیدا هەیە، هەر بۆیە بە شێوەیەکی سیستیماتیک و بە فەرمانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی فەرماندە گەورەکانی سوپاکان و گروپە چەکدارەکان ئەم تاوانە قێزەونە ئەنجام دەدرێت.

**باسی چوارەم: هۆکارەکانی ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکچواڵی لە جەنگ وجینۆسایددا**

لێرەدا فۆکەس دەخەینە سەر هەرە فاکتەرە دیارەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم توندوتیژییە، کە زۆر جار پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزی قوربانییەکەوە هەیە، کە لێرەدا "مێینە"یە، لە پاڵ هۆکارەکانی دیکە، وەک نەتەوە، ئایین، بیروباوەڕی سیاسی وئایدۆلۆجی گروپەکە و هەروەها هۆکاری ڕاسیزم و جیاکاری، بەبێ گوێدانە تەمەن و پێشینەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی قوربانیان. لە ڕاستیدا هیچ پاکانە و پێویستییەک نابینرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم توندوتیژییە و هیچ یاساو ڕێسایەکی جەنگ یاخود نێودەوڵەتی ڕێگەی پێ نەداوە. بۆچی زۆربەی جار ژن وکچەکانیش لەگەڵ پیاوان ناکوژرێن، بەڵکوو دەهێڵرێنەوە و دەخرێنە بەر شاڵاوی توندوتیژی؟ لە کاتێکدا هەردووکیان لە چاوی داگیرکەردا لە ڕیزی دوژمنن. لێرەدا دەکرێت هەندێک لەو هۆکارانەی لە پشت ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکچواڵی دژی ژنان و کچانەوە هەن، بەتایبەت لە حاڵەتی جەنگ و جینۆسایددا لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێنەوە (Stiglmayer, 1993) :

١- دەستدرێژی بۆ سەر ژنان و کچان هەمیشە چەکێکی کاریگەرە بۆ زەلیلکردنی نەتەوە و گروپی قوربانی و لاوازکردنی بگرە لەناوبردنی پەیکەری کۆمەڵایەتییان.

٢- زۆربەی جار چەکدار جەستەی ژن وەکوو بەشێک لەو خاکە دەبینێت کە داگیری دەکات، هەموو ئەوانەی لەسەر ئەو خاکە دەژین بە موڵکی خۆی و دەستدریژیکردنە سەریان بە مافی شەرعی خۆی دەزانێت.

٣- دەکرێت چەکدار لە داخی سوکایەتیپێکردن و چەوساندنەوەی لە لایەن بەرپرسەکەی یاخود چەکدارانی دیکەوە، ئەو داخە بە جەستەی ژن بڕێژێت.

٤- کەمکردنەوەی ترسی چەکدار لە شکست و تۆڵەکردنەوە بۆ شکستی و قوربانیەکانی پێشوی لە ڕێگەی سوکایەتیپێکردن بە ژن و کچ و منداڵانەوە.

٥- ناردنی پەیامێکی سەرکەوتن و بردنەوەی جەنگ بۆ پیاوانی دوژمن لە ڕێگەی دەستدرێژی لە خێزان و کچەکانیان، کە نەیانتوانیوە بیانپارێزن.

٦- جەنگ هەستی شەڕانگێزی وتوندوتیژی لای مرۆڤەکان خەبەر دەکاتەوە، ئەمەش کەشێک دروست دەکات، کە هاندەری ئەو جۆرە توندوتیژییە بێت و بەزۆری تاوانباران لە لێپێچینەوە ناترسن.

٧- نەبوونی فەرمان یاخود ڕێنمایی ڕوون و ئاشکرا بۆ سەربازەکان، کە توندوتیژیی سێکچواڵی قەدەغە بکات، بە پێچەوانەوە زۆربەی فەرمانە سەربازییەکان پەیامێکی ڕاستەوخۆ یاخود نهێنی لەپشتە بۆ شەرعیەتپێدان و هاندان بۆ دەستدرێژییەکان.

٨- هەڵهاتن لە جەنگ و ململانێکان، ئاوارەیەکی زۆر دروست دەکات، کە دەبنە نیشتەجێی کەمپ و پەناگەکان و زۆرجار بێ پاراستن دەمێننەوە و دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ ئەم دەستدرێژییە.

بە پێی تیۆرییەکی (ڕۆلف پۆل) Rolf Pohl دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی، سەرچاوەی ئەم توندوتیژییە ڕەگەزییە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای هەڵوێستێکی دووفاقی و دوژمنکارانە بەرامبەر بە ژنان، کە ئەم جۆرە توندوتیژییەی لەسەر دامەزراوە و ئەم هەڵوێستە لە زۆربەی پیاوانی کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا بەدیدەکرێت . کاتێک مەبەستیان لێدانی وێنەی بەکۆمەڵ و تاکەکەسی پیاوانی گروپی قوربانییە، وەک پارێزەری پیاوسالاری و خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی. کەواتە لێرەدا پیاوان بە پلان و بە مەبەستەوە شەڕەکانیان لەسەر جەستەی ژنان بەرپادەکەن (Lohmann, 2005). ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (مێدیکا مۆندیال) medica mondiale لە ڕاپۆرتێکیدا هۆکاری گرتنەبەری ئەم توندوتیژییە لە دژی ژن و کچ، بەهەمان شێوە دەگەڕێنێتەوە بۆ دیاردەی پیاوسالاری، کاتێک پیاوسالاری پەیوەستە بە باڵادەستی و هێز و دەسەڵاتەوە و مێینەیی پەیوەستە بە پاسیڤ بوون و نەرم و نیانی و خۆبەدوورگرتنەوە. لە جەنگەکاندا پیاوان هەوڵی نیشاندانی زاڵبوونیان بەسەر ڕەگەزی بەرامبەردا دەدەن. بە پێی (مێدیکا مۆندیال) ئەم دەستدرێژیانە هەروەها لە دژی هاوڕەگەزبازان وڕەگەزگۆڕاوەکان، خزمەت بە جەختکردنەوەی باڵادەستی پیاوانەیان دەکات، لە هەمان کاتدا وەک چەکێکی ستراتیجی لە جەنگدا بۆ ڕاگواستن سەرکوتکردنی سیاسی وماندووکردن وشکستپێهێنانی هێزی بەرامبەر لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەکاردەهێنرێت (medicamondialee.V., 2023). بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار لەقەڵەم دەدرێت، کەچی دەبینین کەیسی توندوتیژیی سێکچواڵی لەمێژووی خەباتی چەکداری هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان لە سەرجەم بەشەکانی کوردستانی گەورە لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانیش تۆمارنەکراوە یاخود زۆر دەگمەنە، ئەگەر ڕویدابێت.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**بەشی دووەم: مێژووی توندوتیژیی سێکچواڵی لە جەنگ وجینۆسایددا**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی توندوتیژیی سێکچواڵی وەکوو چەکێکی بەزەبر لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی، تاوانێکی شاراوە بووە، کاتێک قوربانییەکان دەبوو بە بێدەنگی و بێ پاراستنی یاسایی ڕووبەڕووی ببنەوە. هەر لە ڕفاندنی ژنانی سابین لە ڕۆمای کۆن تاکو خەساندنی مرۆڤەکان وەک نیشانەیەکی سەرکەوتن لەلایەن سوپای چین و فارس و ئەمالیک (عەمالیق)ەکان و میسری کۆن و هێزە باکوورییەکانەوە (Hope, 2017) . مێژووی دەستدرێژی سێکچواڵی لە جەنگدا هێندەی مێژووی خودی جەنگەکان کۆنە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەکو "بەرهەمێکی لاوەکی جەنگەکان" مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەتایبەت لە سیاسەتی باڵا و ئاسایشی جیهانی و نەتەوەییدا. لەم ساڵانەی دواییدا "دەستدرێژی وەک چەک" بووەتە جێی سەرنجی گشتی و ناوەندی زانستی. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەندێک لە خەمساردی وکەمتەرخەمی لەم هەوڵانەدا بەدیدەکرێت، کاتێک (ڕێگینا میولهۆیزەر) Regina Mühlhäuser مێژووناسی ئەڵمانی، ڕەخنە ئاراستەی ناوەندە ئەکادیمییەکان دەکات، کە تاکو ئێستا تەنها لێکۆڵینەوەیان لەو کەیسی تاوانی توندوتیژیی سێکچواڵییانە کردووە، کە لەلایەن گروپ و میلیشیاکانی ئاسیا یاخود ئەفریقا ئەنجامدراون و کەیسی توندوتیژییەکانی سەربازانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان پشتگوێ خراون. دەستدرێژی سێکچواڵی، بۆ نموونە بەشێک بوو لە هێرشی ئەڵمانیای نازی بۆ سەر ئەوروپای ڕۆژهەڵات. هەروەها دەستدرێژی بەکۆمەڵ لەلایەن سەربازانی سوپای سوورەوە لە ئەڵمانیا وەکوو هەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوە ئەنجامدرا(Fremberg, 2024) .

**باسی یەکەم: توندوتیژیی سێکچواڵی لە ئەوروپا وجیهاندا**

کاتێک دێینە سەر مێژووی ئەم توندوتیژییە لە زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩١٥، کاتێک حکومەتی تورکیا بە ڕابەرایەتی باڵی سەربازی "کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی"، جینۆسایدی ئەرمەنیەکانی دانیشتووی تورکیا بەرپاکرد و نزیکی (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆنێک و پێنج سەد هەزارمرۆڤی کۆمەڵکوژکرد. لە نێوانیاندا سەدەها هەزار ژن وکچی ئەرمەنی لەلایەن جەندرمە و میلیشیا و باندەکانەوە بە شێوەیەکی سیستیماتیک دەستدرێژییان کرایە سەر و بە قەمە و چەک کوژران و هەندێکیشیان وەکوو کۆیلەی سێکچواڵی برانە بازاڕەکانی کۆیلە لە تورکیا و سوریا. لە جینۆسایدی هۆلۆکۆستدا دژ بە جووەکانی ئەوروپا لەلایەن دەسەڵاتی ئەڵمانیای نازییەوە بەتایبەت لە جەنگی جیهانی دووەمدا، ژنان وکچان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا دوچاری کۆیلایەتی سێکچواڵی لەباربردنی زۆرەملێ بوونەوە (امین, ٢٠٢٣). لە ئاسیا و لە لایەن سوپای ژاپۆنەوە، گەورەترین پرۆسەی توندوتیژیی سێکچواڵی لە ژێر ناوی "ئافرەتانی ئاسوودەیی" لە ڕێگەی بەکۆیلەکردنی سێکچواڵی زیاد لە ( ٢٠٠٠٠٠) دووسەدهەزار کچ و ژنی کۆری و چینی و فلیپینی و تایوانی لە ساڵانی ١٩٣٢- ١٩٤٤ بە پلانێکی سەربازی ئەنجامدرا. پارێزگاری پێشوتری شاری ئۆساکای یابانی "هاشیمۆتۆ ئۆتۆتۆرۆ" لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی ٢٠١٣دا پاکانەی بۆ تاوانەکە بەم شێوەیە هێنایەوە: "ئەمە کارێکی پێویست بوو بۆ ئاسودەکردنی سەربازە قارەمانە ماندووەکانی یابان لەو جەنگە سەختەدا " (Mühlhäuser, 2023). لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لە ئایاری ساڵی ١٩٤٥، گەورەترین شاڵاوی توندوتیژی سێکچواڵی لەلایەن سەربازی هاوپەیمانان، بەتایبەت سوپای سوری ڕوسی لە دژی ژنان و کچانی ئەڵمانیا ئەنجامدرا. بە پێی ئامارەکانی حکومەتی ئەڵمانیا، نزیکی (١٩٠٠٠٠٠) ملیۆنێک ونۆسەدهەزار ئافرەت بوونە قوربانی و بە دەیەها هەزار منداڵی لێکەوتەوە (DeutscherBundestag, 2021)، زۆربەیان ئەو کاتە بێدەنگیان هەڵبژارد. لە ئەفریقا و لە ململانێی چەکداری وڵاتی کۆنگۆ لە ساڵی ١٩٩٦ زیاد لە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار ژن و کچ دەستدرێژی سێکچواڵی کرایە سەر. (Clinton, 2012).

دوای دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە دەستدرێژی سێکچواڵی بە کۆمەڵ لە هەردوو جینۆسایدەکانی وڵاتی ڕواندا ساڵی ١٩٩٤، کاتێک نزیکی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار ژن و کچ دەستدرێژی سێکچواڵی کرایە سەر (Clinton, 2012) و لە هەرێمی بۆسنە-هێرزەگۆڤینای یۆگوسلاڤیای پێشوو ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٥، لە لایەن سوپای سربەکانەوە نزیکی (٥٠٠٠ )

پەنجا هەزار ژن و کچ بوونە قوربانی ئەم دەستدرێژییە، لەو کاتەوە گرنگی سیاسی و میدیایی زۆر دراوە بە ڕۆڵی توندوتیژیی سێکچواڵی لە چوارچێوەی جەنگ و جینۆسایدا (Baaz&Stern, 2013). لە ئێستادا نموونەی دیکە بەدیدەکرێن لە بەکارهێنانی توندوتیژیی سێکچواڵی لە جەنگدا، کە نیشانەی زیادبوونی ئەم تاوانەن. لە هێرشەکانی سوپای ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠٢١ ەوە، چەندەها کەیسی توندوتیژیی سێکچواڵی بەرامبەر ژنان و کچانی ئۆکرانی تۆمارکراوە و هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دیمەنی توندوتیژیی جەستەیی بە تایبەت دژ بە ژنان لە ڕێگەی میدیاکانەوە گواسترایەوە(Fremberg, 2024) .

**باسی دووەم: مێژووی توندوتیژیی سێکچواڵی لە دژی ژنان وکچانی کورد**

بە درێژایی مێژووی میللەتی کورد چیرۆکی قەتڵوعامکردن و دەستدرێژی بۆ سەر خاک و ژن و کچ و منداڵ و پیاوانی دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە وەکوو ئەوەی لە چارەنووسی ئەم میللەتە نوسرابێت، کە هەموو هەوڵێکی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بە جینۆسایدێک وەڵام بدرێتەوە . ئەو جینۆسایدانەی لە دژی گەلی کورد لە ناوچەکە ئەنجامدراون لەسەد ساڵی ڕابردوودا ئەوە دەردەخەن، کە ژنکوژی و دەستدرێژی سێکچواڵی وەکە یەکێک لە چەکە کوشندەکان دژی ئەم میللەتە بەکارهێنراوە. پرۆسەی ڕیشەکێشکردن و لەناوبردنی ناسنامە و کولتوری پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی توندوتیژیی سێکچواڵییەوە ئەنجام دەدرێن (امین, ٢٠٢٣). لێرەدا دەکرێت باس لە چەند نموونەیەک بکرێت، کە مێژووەکەیان بە سەرچاوە وبەڵگەوە تۆمارکراون. لەوانە پرۆسەی ژنکوژی ودەستدرێژی لە جینۆسایدی دەرسیم لە باکووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٣٧- ١٩٣٨، کاتێک ڕاپەڕینی کوردانی دەرسیم لە دژی سیاسەتی دەوڵەتی تورکی کەمالی لە داگیرکاری و بەتورککردن بە ڕابەرایەتی سەید ڕەزا بەرپاکرا. لە کاتی هەڵمەتی جینۆسایدەکەدا، کۆمەڵێک کچ وژن خۆیان هەڵدایە ناو کانە بەردینەکانەوە یاخود بە چەک خۆیان دەکوشت تاوەکو نەکەونە دەست جەندرمەکان. ئەو ژنانەی دەستبەجێ لە سێدارە نەدران دەستدرێژییان کرایە سەر و دواتر بە چەقۆ کوژران و سکی ژنانی دووگیان بەر قەمەدرا. ئەو کچانەش کە لە کۆمەڵکوژییەکە ڕزگاریان بوو، ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگاکانی دەرسیم وئێلازیغ. حکومەتی تورکیا پلانێکی بۆ جینۆسایدکردنی کوردەکان بە ناوی "پلانی چاکسازی بۆ ڕۆژهەڵات" دانابوو، کە تیایدا بە تایبەت پێشنیار کرابوو، کچانی کورد لە ناخۆی تورکیا بهێڵرێنەوە و ژنانی کورد لەگەڵ پیاوانی تورکدا هاوسەرگیریان پێبکرێت. ئەم پلانە بۆ یەکەمجار لە پرۆسەی جینۆسایدی دەرسیمدا جێبەجێکرا. ئەوەبوو کچانی لەشساغ و روخسارجوان لە نێوان تەمەنی(٥ بۆ ١٠) پێنج بۆ دە ساڵیدا هەڵبژێردران و بەسەر ئەفسەرە تورکانەدا دابەش کران، کە بەشدارییان لە جینۆسایدەکەدا کردبوو(Çiçek, 2017) .

لە سەردەمی حوکمی ڕژێمی دیکتاتۆر سەدام حسێن لە عێراقدا پەلاماردان و تاوانی فەلاقە و توندوتیژی سێکچواڵی لە دژی ژنان و کچانی کورد و بەتایبەت خێزان و کەس وکاری پێشمەرگە و شانە نهێنییەکانی ناو شار لە زیندانەکاندا لەلایەن جەلادەکانی بەعسەوە وەک ئامرازێکی فشار بۆ سەر نەیارە سیاسییەکان بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی بەعس جێبەجێکراوە. ئاستی توندوتیژیی سێکچواڵی لە دژی ژن وکچی کورد لە جینۆسایدی ساڵانی ١٩٨٨- ١٩٨٩ ناسراو بە پرۆسەی ئەنفال، گەیشتە لوتکە، کاتێک دڕەندەترین شاڵاوی دەستدرێژی سیستیماتیک لە دژی ژن وکچ ومنداڵانی کورد لەلایەن سەربازانی سوپا وجیهازی موخابەرات و ئەمنی عێراقی سەر بە ڕژێمی بەعسی لەناوچو لە سەردەمی دیکتاتۆر سەدام حسێن ئەنجامدرا، کە نزیکی (١٨٢٠٠٠) سەد و هەشتاو دوو هەزار مرۆڤی کوردی تیا کۆمەڵکوژ کرا. تێرمی ئەنفال لەسەر بنەمای ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆز دارێژرا، بە مانای "غنیمة" واتە "نێچیر" دێت. لەم جینۆسایدەدا "نێچیری" سەرەکی ژنان وکچانی کورد بوون. هەندێک لە دۆکیومێنتەکانی جیهازی ئەمنی بەعس بە ئاشکرا فەرمانی فرۆشتن و ناردنی ژمارەیەک لە کچانی کورد بۆ وولاتە عەرەبییەکان دەگرێتە خۆ، کە وەک غەنیمەتی شەڕ لە جینۆسایدی ئەنفالدا دەستگیرکراون (امین, ٢٠٢٣).

**بەشی سێهەم: توندوتیژیی سێکچواڵی لە دژی ژنان وکچانی کوردی ئێزدی**

پەلاماری تیرۆریستی چەکدارانی داعش لە ئابی ساڵی ٢٠١٤ بۆ سەر شنگال ودەورووبەری بە دڕندەترین و سامناکترین هێرشی جینۆساید دادەنرێت لە دوای جینۆسایدی ئەنفال لە دژی میللەتی کورد. بەدەر لە جیاوازی لە شێواز و جیهازی پەلامارەکان، بەڵام لە هەردوکیاندا هەمان سیاسەتی قڕکردن و لەناوبردن و ژنکوژی سیستیماتیکی پەیڕەو کراوە و هەموو مۆراڵ و بەها و پیرۆزییەکان ژێرپێخراون. دەستدرێژی سیستماتیکی و ڕفاندنی بەکۆمەڵ و بەکۆیلەکردنی ژن و کچ و منداڵ لەسەر دەستی داعش لە هەمان کاتدا دەستدرێژی و توندوتیژیی سێکچواڵی و دەروونی لە دژیان، دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە، کاتێک چەکدارانی داعشی تیرۆریست زیاد لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کوردی ئێزدییان کۆمەڵکوژ کرد و نزیکی (٧٠٠٠ ) حەوت هەزار کچ و ژن و منداڵی ڕفاندن و لە زیندان و ئۆردوگا و سەربازگە و ماڵی چەکدارەکاندا دوچاری گەورەترین توندوتیژیی سێکچواڵی بوونەوە (Pöls, 2022) و زیاتر لە (٢٨٠٠ ) دوو هەزار و هەشت سەدیان بێسەروشوێن کران (Berse, 2020) .

**باسی یەکەم: شێوازی توندوتیژییەکان**

"ئیلهان کیزلهان" Ilhan Kizilhan دۆکتۆری دەروونی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک کورد لە ساڵانی ٢٠١٥ - ٢٠١٦ ڕاستەوخۆ لێدوانی لەگەڵ سەدان کچ وژنی کوردی ئێزدی ڕزگاربوو لە جینۆسایدەکە ئەنجام دا، کە ئێمە لە میانەی کاری ڕۆژنامەوانی ومرۆڤانەی ئەو کاتە ئامادەی بەشێکی ئەو پرۆسەیە بووین. کیزلهان ئەنجامەکانی لە ڕاپۆرتێکدا بۆ پەرلەمانی ئەڵمانیا، لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوکاری ئەو وڵاتە بۆ ڕزگاربوان پێشکەش کرد و چەند داتایەکی گرنگی خستەڕوو، لەوانە: دەستدرێژی سێکچواڵی دژ بە ڕێژەی ( ١٠٠٪ )ی لەسەدا سەدی ئەو ژن و کچانە لە شاڵاوەکەدا لە زیندانەکانی داعش ئەنجامدراون. ئەمە لەپاڵ لێدان و ئەشکەنجەی جەستەیی و بریندارکردن بە چەک و چەقۆ و سوتاندنی جەستە و هەوڵی خنکاندنیان و هەڕەشەی کوشتن و فشاری دەروونی بەرامبەریان بەکارهێنراوە، و زۆربەیان بە زۆرەملێ شایەتی دیمەنی ئەشکەنجە و لێدان و حاڵەتی کوشتنی کەس و کاریان و ئەوانی تر بوون. نزیکی نیوەی ئەو ژن وکچانە دایک یان باوکیان و زۆربەیان خوشک و برایان لەدەست داوە. هەندێک جار ژن وکچەکان پەنایان بردۆتە بەر خۆکوشتن بۆ ڕزگاربوون لەو ئازار ونەهامەتیە(Kizilhan, 2019)

**باسی دووەم: شەرعیەتپێدان بە توندوتیژییەکان دژی ژنان وکچانی ئێزدی**

داعش بە هەمان شێوەی حکومەتی عێراقی پێشوتر بە سەرۆکایەتی حیزبی بەعس، هەوڵیدا پاساو بۆ ئەو تاوانە قێزەونانەی خۆی بهێنێتەوە بە بانگەشەی ئەوەی، کە ئیسلام ڕێگە بە "نیکاح" لەگەڵ " الإماء " واتە غەیرە موسڵمانەکان دەدات، جگە لە لێدان و فرۆشتنیان. هەروەها مافی خۆیان دووپات دەکردەوە، کە مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا بکەن بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، چونکە کافرن و غەنیمەتی شەڕ (هورمی، ٢٠٢٣). تەنانەت لە بڵاوکراوەیەکی داعش سەبارەت بە کۆیلایەتی هاتووە، کەوا دیلکردن و بە کۆیلەکردنی ژن و منداڵی ئێزدی، "سود"ی زۆری بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەنێویاندا چێژوەرگرتن (امتاع) ی چەکدارانی ڕێکخراوەکە و زەلیلکردنی کۆمەڵێک کافر (مەبەست لێرەدا ئێزدییەکان)، کە دوژمنی ڕێکخراوەکەن و بڵاوکردنەوەی یەکتاپەرستی و زیندووکردنەوەی پراکتیزەکردنی سەبیکردن، کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (بە دیلکردن و سەبیکردنی ژنانی بێباوەڕان)[٣] باو بوو. (fidh، ٢٠١٨).

[٣] لە کتێبی "عون المعبود شرح سنن أبي داود، ومعه حاشية ابن القيم: تهذيب سنن أبي داود وإيضاح علله ومشكلاته" ، نوسەران: محمد أشرف بن أمير بن علي بن حيدر، أبو عبد الرحمن، شرف الحق، الصديقي، العظيم آبادي، هاتووە: فأنزل الله تعالى إباحتهن بقوله : والمحصنات من النساء إلا ما ملكت أيمانكم : المراد بالمحصنات هاهنا المزوجات ومعناه والمزوجات حرام على غير أزواجهن إلا ما ملكتم بالسبي فإنه

**باسی سێهەم: پەیڕەوکردنی توندوتیژیی سێکچواڵی وەک چەک لە جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزدی**

دەکرێت دەستدرێژی سێکچواڵی لە داگیرکردنی ناوچەیەک بە مەبەستی پاکتاوی نەتەوەیی وئاینی بەکاربهێنرێت. هەروەک لە سیاسەتی داعش بەرامبەر بە کوردانی ئێزدی، کاتێک کە بە شەیتانپەرست و کافری لەقەڵەم دەدان. تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی ئێزدی، زۆرجار بە ئامادەبوونی ئەندامانی خێزانەکانیان، تەنانەت منداڵەکانیان ئەنجامدراون. ئەمەش نەک تەنها بۆ قوربانیەکە، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەش کە ناچاربوون شایەتحاڵی دەستدرێژییەکە بن، هەوڵێکی زەلیلکردنە و زەرەرێکی گەورەی دەروونی پێگەیاندوون. لە ڕوانگەی داعشەوە دەستدرێژییەکان لەناوچوونی جەستەیی پێکهاتەی ئێزدییەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کچێک کە دەستدرێژی کراوەتە سەر، ڕەنگە ببێتە کەسێکی نەفرەتلێکراو لەلایەن خێزان و کۆمەڵگەکەیەوە و شەرمەزاری بۆ خێزانەکەی بهێنێت و بە ناشایستە دابنرێت بۆ هاوسەرگیری، ئەمەش بەشێکە لە پلانی لەناوبردن و کوشتنی خاوی گروپی قوربانی، لە ڕێگەی لەناوچوونی جەستەیی گروپەکە و سەپاندنی ڕێوشوێن بۆ ڕێگریکردن لە زاوزێکردن. "ڕۆڵف پۆل" Rolf Pohl باس لە ئامانجێکی دیکەی دەستدرێژیی سیستماتیکی سەر ژنانی ئێزدی دەکات، کەوا بەپێی ئایدۆلۆژیای داعش، منداڵی موسڵمان لەبری منداڵی ئێزدی بهێننە دنیاوە، ئەمەش درێژەپێدەری جینۆسایدی ئێزدییەکانە (Lohmann, 2005) .

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەک بکرێت و باس لە بەردەوامی پرۆسەی جینۆسایدی ئەو کچ و ژنە بێسەروشوێنانە بکرێت. کاتێک پرۆسەی سەربازی لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ دژ بە تیرۆریستانی داعش لە موسڵ و دەوروبەری لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی و هاوپەیمانانەوە دەستی پێکرد، ژمارەیەک لە کچان و ژنان و منداڵانی ئێزدی لە زیندان و ماڵەکانی چەکدارەکاندا بوونە قوربانی هێرشە سەربازیەکان و بەشێکیان ڕزگاریان بوو و توانیان بگەڕێنەوە بۆ لای کەس و کاریان و زۆرینەشیان ناچارکران لەگەڵ چەکدارەکان هەڵبێن یاخود خۆیان حەشاربدەن. بەڵام ئەم ژنانە تەنها خەمی خۆیان هەڵنەگرتبوو، بەڵکو هی ئەو منداڵانەشیان کە لە ئەنجامی هاوسەرگیری زۆرەملێ یاخود دەستدرێژیەوە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دروست بوون. لە کاتێکدا ئاینی ئێزدی لەسەر بنەمای سیستەمی چینایەتی دامەزراوە و منداڵێک کاتێک بە ئێزدی لەقەڵەم دەدرێت، کە لە دایک و باوکێکی ئێزدی لەدایک بووبێت. هەر بۆیە ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی دەستدرێژی دروستبوون مەحاڵە ببنە بەشێک لە پێکهاتەی ئێزدی و بە پێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی باڵای ئێزدیان لە ساڵی ٢٠١٩، تەنها ئەو منداڵانە وەردەگرنەوە کە لە دوای ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ ەوە وەک منداڵی دایک و باوکی ئێزدی ڕفێندرابوون. بەو شێوەیە زۆربەی ژنەکان لە ترسی لەدەستدانی منداڵەکانیان بڕیاریان دا لەگەڵ جەلادەکانیان بمێننەوە یاخود لە کەمپی پەنابەرانی ئەلهۆڵ لە سوریا لەگەڵ منداڵەکانیان ژیان بەسەرببەن. ئەمەش گەورەترین فشاری دەروونییە کە ژنێک دوچاری بێتەوە، کاتێک دیسان دەبێتەوە قوربانی و تاماوە خۆی و منداڵەکانیشی لەژێر کاریگەریی ئەم تاوانی دەستدرێژییەدا دەناڵێن (امین, ٢٠٢٣).

---

ینفسخ نکاح زوجها الکافر وتحل لکم... " واتە خودای گەورە فەرموویەتی: (ژنانی پارێزراو، لێرەدا مەبەست لە ژنی هاوسەردارە، وە ماناکەشی ئەوەیە کە ژنی هاوسەردار بۆ کەسی تر قەدەغە کراوە جگە لە مێردەکانیان نەبێت، تەنها ئەو ژنانەنەبێت کە بە دیل گیراون دەتوانن خاوەندارێتییان بکەن، چونکە هاوسەرگیری لەگەڵ مێردە بێباوەڕەکەی هەڵدەوەشێتەوە ، ئەو کاتە حەڵاڵ دەبن بۆتان).

**بەشی چوارەم: بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی سێکچواڵی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە**

توندوتیژیی سێکچواڵی لە چوارچێوەی تاوانی نێودەوڵەتیدا تاکو ئێستا پێناسەیەکی ڕوونی بۆ نەکراوە و تەنها وەک فۆرمێکی لاوەکی جەنگ و جینۆسایدی ناسراوە. هەروەها پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جینۆساید لە لەخۆگرتنی تەواوی ئەو تاوانە دڕندانەی دژ بەو گروپانە وەکو ژنان و کچان، شکستی هێناوە. چونکە پێناسەکە تەنها گرووپەکانی نەتەوەیی، ئێتنی وڕەگەزی وئایینی لەخۆگرتوە و پۆلێنکردنەکە هێرشە جێندەرییەکان بۆ سەر ژنان ناگرێتەوە.

**باسی یەکەم: لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان**

"ڕێککەوتننامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید" ی نەتەوە یەکگرتووەکان (CPPCG) یەکێکە لە کۆنترین پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ، کەوا لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوەکەوە پەسەندکرا و لە ١٢ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥١ ەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم پەیماننامەیە و هەردوو پرۆتۆکۆڵە پاشکۆکانی ساڵی ١٩٧٧، بڕگەکانیان لە ئاستی تاوانی توندوتیژیی سێکچواڵیدا نابینرێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پاراستن و قەدەغەکردنی پێویست لە دەستدرێژی و جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکچواڵی دابین دەکەن. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکانیدا ئاماژەی پێداوە، کە توندوتیژیی سێکچواڵی دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەی تاوانی فێمیسایدەوە و بە شێوەیەکی ئامانجدار بەکاردەهێنرێت، وەکو هەوڵی تووشکردنی ژنان بە نەخۆشی و بێبەشکردنیان لە توانای منداڵبوون، لەو ڕێگەیەشەوە هەوڵی گۆڕینی تەواوی پێکهاتە نەتەوەییەکانی نەوەکانی داهاتوو دەدرێت (OHCHR, 2023).

بڕیاردەرێکی تایبەتی توندوتیژی دژی ژنان لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵانی ١٩٩٤ و ٢٠٠٩ بە بڕیاری ژمارە (١٨٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش، پۆستێکی تایبەتی بە "نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی" دروستکرد، بە مەبەستی بەدواداچوونی پرسی توندوتیژیی سێکچواڵی لە ململانێی چەکداریدا و ئەرکی وەرگرتنی زانیاری لەسەر توندوتیژیی دەوڵەت و گروپە چەکدارەکانەوە دژی ژنان پێدرا. هەروەها لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ ، ئەنجومەنی ئاسایشی بە کۆی دەنگ بڕیارنامەی ژمارە (١٣٢٥) لە ژێر ناونیشانی "ژن، ئاشتی، ئاسایش" پەسەند کرد، بەم بڕیارنامەیە لیژنەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕوونی وڕاشکاوی لەگەڵ بارودۆخ و چارەنوسی ژنان و کچان لە جەنگەکاندا مامەڵەی کرد، کاتێک بڕیاردرا، کە ژنان و کچان دەبێت پارێزراوبن و بەشداری تەواویان پێبکرێت لە پرۆسەکانی ئاشتیدا. شایانی باسە ئەم دەستکەوتە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری چالاکانی بوارەکانی مافی ژنان و ئاشتی لە پشت بوو (Böhme, 2022). ساڵی ٢٠١٥ ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی وەک ڕۆژی جیهانی "نەهێشتنی توندوتیژیی سێکچواڵی لە ململانێکاندا" ڕاگەیاند، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵرۆژی بڕیاری (١٨٢٠) ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٨دا، کە تێیدا توندوتیژیی سێکچواڵی وەک "تاکتیکی جەنگ" دیاریدەکات دەکات و وەک بەربەستێک بۆ پێکهێنانی ئاشتی لە قەڵەم دەدات. لەکاتێکدا توندوتیژیی سێکچواڵی بە تاوانی جەنگ هەژمار بکرێت، ئەوا پێویستە بڕگەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لەگەڵی جێبەجێبکرێن، چونکە تاوانەکانی جەنگ بە پێشێلکارییەکی خەتەرناکی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی هەژماردەکرێن. بەڵام زۆرجار لە ڕووی یاساییەوە سەلماندنی ئەم تاوانە قورسە. هەروەها سەلماندنی ئەوەی، کە تاوانەکە بە پێی فەرمانێک ئەنجامدراوە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئاستەنگ لەبەردەم دادگاییکردنی تاوانباراندا دروستدەکات (Böhme, 2022).



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**باسی دووەم: لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکانی ئەوروپا وجیهان**

لە سـێهەمین ڕێککەوتننامەی جنێڤ لە سـاڵی ١٩٤٩دا هاتووە، کە "ئافرەت دەبێت بە ڕەچاوکردنێکی تایبەتەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت". بەڵام لە ڕێکەوتنامەی جنێڤی چواردا لە مادەی (٢٧) بیسـت وحەوتدا ڕوونتر باسـی لێوە دەکات، کە "دەبێت پاراستنی ژنانی سیڤیل بەتایبەتی لە هەر هێرشێک بۆ سەر شەرەفیان و لە لەشفرۆشی زۆرەملێ و هەر دەستدرێژییەکی ناشایستەی دیکە بپارێزرێن" (fidh، ٢٠١٨). گەورەترین کێشەی ڕێککەوتننامەی جنێڤ ئەوەیە کە دەستدرێژی سێکچواڵی وەک پێشێلکارییە قورسەکان هەژمار نەکردووە (EDA, 2023).

ئەنجومەنی ئەوروپا لای خۆیەوە لە سـاڵی ٢٠٠٢ ڕاسـپاردەیەکی سـەبارەت بە توندوتیژیی سـێکچواڵی دژی ژنان پەسـەند کرد، بۆ سـەپاندنی سـزا لە کاتی ئەنجامدانی دەسـتدرێژی وکۆیلایەتی سـێکچواڵی و دووگیانی زۆرەملێ و نەزۆککردنی زۆرەملێ یـان هەر جۆرە توندوتیژییەکی سـێکچواڵی تر وەک تـاوانی دژبەمرۆڤـایەتی و ئەگەر لە چوارچێوەی ململانێی چەکداریدا ئەنجام بدرێن وەک تاوانی جەنگ لەقەڵەم دەدرێن (غاجولی، ٢٠١٤ ). هەروەها دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی لە مادەی ٧ و ٨ دا، هەریەک لە کۆیلایەتیی سـێکچواڵی، لەشـفرۆشـیی زۆرەملێ، دووگیـانی سەپێنراو، نەزۆککردنی بەزۆر، یان هەر شێوەیەکی تری توندوتیژیی سێکچواڵی کە لەو ئاستەدا بێت، قەدەغە کردووە و بە تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتیی ناسـاندووە. لە چوارچێوەی ڕێگریکردن لە توندوتیژیی سـێکچواڵی لە جەنگ وململانێدا، بریتانیا پرۆتۆکۆلێکی نێودەوڵەتی سـەبارەت بە بەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لەم تاوانە لە جەنگی چەکداریدا لە ساڵانی ٢٠١٤ دارشت، کە ئامانجی هاوکاریکردنە لە لێپێچینەوە لە کەیسی تاوانباران و سەپاندنی سزا بەسـەریـانـدا، ئەویش بە هـاوکـاری تیمە نیشـتمـانی و نێودەوڵەتییەکـان بۆ بەڵگەنـامەکردنی توندوتیژییەکـان لە سەرانسەری جیهاندا. هەروەها لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، کۆمیتەی نێودەوڵەتی وفیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کۆنفرانسـی نێودەوڵەتی خاچی سـوور و مانگی سـور ڕەشـنووسـی بڕیارنامەیەکیان بە ناونیشـانی "توندوتیژیی سـێکچواڵی و جێندەری: کردەوەی هاوبەش بۆ ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی" دەرکرد، کە بە توندترین شـێوە ئەم توندوتیژییانە لە هەموو بارودۆخەکاندا، بەتایبەتی لە چەکداریدا ئیدانە کردووە (ICRC، ٢٠١٦).

پێش ساڵی ١٩٩٨ هیچ دادگایەکی نێودەوڵەتی توندوتیژیی سێکچواڵی وەک جۆرێک لە جینۆساید دیاری نەکردبوو. بەڵام دوای ئەوەی لە دادگای تایبەت بە جینۆسـایدی ڕواندای سـاڵی ١٩٩٤ شـایەتحاڵەکان دەسـتیان کرد بە ئیفادەدان سـەبارەت بە توندوتیژیی سـێکچواڵی لە دژی ژن و کچی خێڵی توتسـی لەسـەر دەسـتی خێڵی هوتۆ، ئەو کاتە خانمە دادوەری دادگای باڵای دانهاخ لەسـەر کورسـی دادوەری (ناڤانێتیم پیلای) Navanethem Pillay داوا لە داواکاری گشتی دەکات، کە تۆمەتەکە هەموار بکاتەوە بۆ ئەوەی دەستدرێژی سێکچواڵی بخرێتە نێو تاوانەکانی جینۆسایدەوە، ئەمەش هەنگاوێکی مێژوویی بوو لە پێناو دانپێدانان بە کەیسـەکانی توندوتیژیی سـێکچواڵی ژنان و کچانی توتسـی (Crawford, 2023).

**باسی سێهەم: لەسەر ئاستی عێراق**

لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق "یاسای ژنانی ڕزگاربوو" "قانون الناجيات"ی ژمارە (٨) لە ئازاری ساڵی ٢٠٢١ دەرچووە، بۆ دابینکردنی مافی قەرەبوونکردنەوەی کوردانی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکە، وەکو ڕزگاربووی تاوانەکانی ڕێکخراوی چەکداری داعش. ئەم یاسـایە دووچاری ڕەخنەی چاودێران بووەتەوە، کاتێک دەبێت قوربانیان سـکاڵای تاوانکاری (جنائي) تۆمار بکەن، تاکوو بتوانن قەرەبووبکرێنەوە، ئەمەش سـتانداردە نێودەوڵەتییەکان پێشـێل دەکات. هەروەها چارەسـەر بۆ ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی دەسـتدرێژییەکان هاتوونەتە دنیاوە، وەک پێویسـت لەم یاسـایە جێگیر نەکراوە (Watch، ٢٠٢٣). بە پێی ڕاگەیەندراوی کۆنفرانسـی نێودەوڵەتی ژنان لە سـاڵی ٢٠٢٢ لە بەغدا سـەبارەت بە جینۆساید و فێمیساید (ژنکوژی) لە شنگال، یاسای نێودەوڵەتی تاکو ئێستاش فێمیساید وەک تاوانی جەنگ ناناسێت، لە کاتێکدا دەبوو دەزگا نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵکوژی ژنانی ئێزدی لە شـنگال وەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی پۆلێن بکەن (ANFNEWS, 2022). بەڵام سـەرەڕای هەموو ئەم میکانیزمانە توندوتیژیی سـێکچواڵی هێشـتا پێشـێلکردنی یاسـای مرۆیی نێودەوڵەتی پێکدەهێنێت، کاتێک لە چوارچێوەی جەنگی چەکداری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و جینۆسایددا ئەنجام دەدرێت.

**ئەنجام:**

ئەم توێژینەوەیە گەیشتە چەند ئەنجامێکی گرنگ، کە بەکورتی لای خوارەوە هاتوون:

١- توندوتیژیی سـێکچواڵی ناکرێت وەکو ئەنجامێکی حەتمی جەنگ هەژماربکرێت، بەڵکوو بەپێی زانیاری و ڕاسـتیەکانی ئەم توێژینەوەیە و چەندەها سـەرچاوەی زانسـتی باوەڕپێکراو سـەلمێنراوە، کەوا ئەم توندوتیژییانە بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی لە هەموو کۆمەڵگە و نەتەوەکاندا بەدەر لە پێشینەی کولتووری و ئاینی و سـیاسـی، وەک چەکێکی کاریگەری بەمەبەسـت لە جەنگ و ململانێی چەکداری و جینۆسـایددا جێبەجێ کراون بۆ پەرتکردن و لەناوبردنی شـیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و ژینگەی مرۆڤ و لەناوچونی ناسـنامەی نەتەوەیی و کولتوریی گروپی قوربانی.

٢- ئەنجامدانی تاوانی توندوتیژیی سـێکچواڵی پرۆسـەیەکی هەڕەمەکی و کتوپڕ نییە، بەڵکو بە پێی بڕیارێکی پێشوەخت ئەنجام دەدرێت و زۆرجار بە فەرمانی ڕاستەوخۆ یاخود لە شێوەی پەیامی نهێنی سەرکردە و فەرماندەی سەربازی و گروپە چەکدارەکان ئەنجام دەدرێت.

٣- زۆربەی سوپا وگروپە چەکدارەکانی جیهان بەدرێژایی مێژوو بەشداربوون لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە و بەردەوام هەوڵی شـاردنەوە و نکوڵی لێکردن و سـڕینەوەی تاوانەکانیان لە بیرەوەری دەسـتەجەمعیدا داوە، بە هێنانەوەی پاکانە بۆ تاوان و تاوانباران، بە ئامانجی دەربازبوون لە دادگایی و سەپاندنی سزا بەسەریاندا.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٤- میللەتی کوردیش بە هەموو پێکهاتە ئاینی ومەزهەبییەکانییەوە وەکوو گەورەترین گەلی ڕەسەنی[٤] ناوچەکە، کە بێ دەوڵەت ماوەتەوە، گەورەترین پشکی لەم تاوانی توندوتیژییە و سەرجەم تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بەرکەوتووە.

٥- پێکهاتەی کوردانی ئێزدی و هەندێک لە پێکهاتە ئاینی و مەزهەبیەکانی ناوچەکە دووچاری گەورەترین شاڵاوی توندوتیژیی سێکچواڵی بوونەتەوە لە ساڵی ٢٠١٤ لەسەر دەستی چەکدارانی داعشی تیرۆریست، کە وەکوو چەکێکی ڕاستەخۆ و کاریگەر بەمەبەستی تواندنەوەی ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی و کولتوری کوردانی ئێزدی بەکارهاتووە و دەرئەنجامی ترسناکی سەبارەت بە بوون و مانەوە و داهاتووی پێکەوەژیانی پێکهاتەی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکەی مەسیحی و شەبەک و کاکەیی و هیتری لێدەکەوێتەوە.

٦- دەکرێت هۆکاری پەراوێزخستنی لیکۆڵینەوە لە بابەتی توندوتیژی سێکچواڵی دژی ژنان وکچانی کورد بگەڕێتەوە بۆ هەوڵی داپۆشینی ئابڕوو، یاخود دەکرێت ئەقڵێکی پیاوسالاری لە پشی بێت، کەوا توانیوێتی زاڵ بێت بەسەر ئەم کایەی توێژینەوە ئەکادیمییەدا، یاخود پەراوێزخستنێکی بە ئەنقەستی لێکۆڵینەوەیە لە چارەنوسی ژنان بێت.

**ڕاسپاردەکان:**

توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردە وپێشنیازێک لە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی سێکچواڵی لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەخاتەڕوو:

١- ئەرکی دەوڵەت ودامودەزگای حکومی وکۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، کە ڕێگری بکات لە ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکچواڵی پەیوەست بە جەنگ وجینۆساید وململانێ چەکدارییەکانەوە و چیتر نابێت بە ئەنجام و بەرهەمێکی حەتمی جەنگەکان، بەڵکو وەکو تاوانێکی سیستیماتیک و بە مەبەست دژی گروپی قوربانی دانی پێدابنرێت.

٢- نابێت ئەم تاوانە بشاردرێتەوە و لەبیر بکرێت، بەڵکو کۆمەڵگە و دەوڵەتان دەبێت بەرپرسیارێتی خۆیان بەرامبەر بەم تاوانە لە ئەستۆ بگرن، بە داوای لێبوردن لە قوربانیان و گەڕاندنەوەی شکۆ و پێشکەشکردنی هاوکاری و گەڕاندنەوەی مافی یاسایی و ئابووری لە قەرەبووکردنەوەی ماڵ و مڵک و هەموو زەرەرێکی جەستەیی و دەروونی، کە پێیان گەشتووە لە ئەنجامی تاوانی دەستدرێژییەکان.

٣- قوربانیان پێویستییان بە جێبەجێکردنی دادوەرییە، لە ڕێگەی دۆزینەوەی تاوانباران و پەلکێشکردنیان بۆ بەردەم دادگاکان و سەپاندنی سزای ڕەوا بەسەریاندا لە ڕێگەی گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لە دامەزراندنی دادگای تاوانکاری نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

---

[٤] گەلانی ڕەسەن Indigenous peoples مەبەست لەو گەل و هۆزانەیە، کە بۆ یەکەم جار لە زەوی و وڵاتانێک نیشتەجێ بوون و خاوەندارێتییان کردووە، کە زیاتر ڕووبەڕووی تاوانی جینۆساید و توندوتیژییەکان دەبنەوە. میللەتی کوردیش بە پێی ڕێکخراوی "کۆمەڵگەی میللەتە هەڕەشەلێکراوەکان" یەکێکە لە گەلە ڕەسەنەکانی جیهان.

٤- پابه‌ندبوون و هاوکاریی و هه‌ماهه‌نگی له‌ نێوان که‌سایه‌تییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و ئایینییه‌کان و ڕێکخراوه‌کانی ژنان و گه‌نجان و ده‌زگا حکومی و مه‌ده‌نییه‌کان له‌ هوشیارکردنه‌وه‌ی تاک، به‌تایبه‌ت پیاوان و گه‌نجان و مێردمنداڵان له‌ پابه‌ندبوون به‌ یاسا و ڕێساکانی سه‌باره‌ت به‌ پاراستنی مافی مرۆڤ و پارێزگاری له‌ که‌رامه‌تیان، به‌تایبه‌ت ژنان و کچان و منداڵان و خاوه‌ن پێداویستییه‌ تایبه‌ته‌کان، چ له‌ کاتی جه‌نگ و چ له‌ ئاشتیدا و پێداچوونه‌وه‌ به‌و عورف و کولتووره‌ کۆمه‌ڵایه‌تییانه‌ی، که‌ کارده‌که‌ن له‌سه‌ر هاندانی زه‌مینه‌خۆشکردن بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌م تاوانه‌.

٥- پێشکه‌شکردنی پشتیوانی به‌رده‌وام له‌ هاوکاریی پزیشکی وده‌روونی به‌ ڕزگاربووانی تاوانی ده‌ستدرێژییه‌کان. ئه‌مه‌ش پێویستی به‌ بوونی سیسته‌مێکی چاودێری ته‌ندروستی به‌هێز هه‌یه‌، که‌ کارمه‌ندانی ڕاهێنراو بن بۆ ناسینه‌وه‌ی که‌یسه‌کانی توندوتیژیی سێکچواڵی و پێشکه‌شکردنی هاوکاری پێویست بۆ قوربانییه‌کان و ئاگادارکردنه‌وه‌ی پۆلیس و ده‌سه‌ڵاته‌ دادوه‌رییه‌کان.

٦- ده‌بێت که‌رتی ئه‌منی له‌ پۆلیس وسوپا وهێزه‌ ئه‌منییه‌کانی دیکه‌ له‌لایه‌ن دامه‌زراوه‌ به‌هێزه‌کانی ده‌وڵه‌ته‌وه‌ پشتگیری بکرێن له‌ ڕاهێنان و هوشیارکردنه‌وه‌ی یاسایی سه‌باره‌ت به‌ قه‌ده‌غه‌کردن و ڕێگه‌گرتن له‌ ئه‌نجامدانی توندوتیژیی سێکچواڵی و هه‌موو جۆره‌ توندوتیژییه‌کی نه‌خوازراو به‌تایبه‌ت دژی سیڤیل.

٧- ده‌بێت "یاسای ژنانی ڕزگاربوو" "قانون الناجيات"ی عێراقی ژماره‌ (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ هه‌مواربکرێته‌وه‌، به‌ شێوه‌یه‌ک، که‌ ئاسانکاری تێدابکرێت بۆ ده‌سته‌به‌رکردنی مافی قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی ژنان وکچانی ئێزدی ڕزگاربوو.

٨- ده‌رکردنی یاسایه‌کی تایبه‌ت له‌ لایه‌ن حکومه‌تی عێراقییه‌وه‌ بۆ پارێزگاریکردنی مافی منداڵانی ژنانی ئێزدی، که‌ به‌هه‌مان شێوه‌ بوونه‌ته‌ قوربانی، چونکه‌ حکومه‌تی فیدراڵ به‌رپرسه‌ و ده‌سه‌ڵاتی یاسایی فیدراڵی هه‌یه‌ بۆ ده‌رکردنی یاساکان.

٩- ئه‌وه‌ی زۆر پێویسته‌، باشترکردنی ئاستی جێبه‌جێکردنی ئه‌و هه‌موو یاسا وڕێکه‌وتننامه‌ نێوده‌وڵه‌تی و ناوخۆییانه‌، که‌ بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژیی سێکچواڵی و دادگاییکردنی تاوانباران ده‌رچوون.

١٠- به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی به‌ کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی پیاوسالار له‌قه‌ڵه‌م ده‌درێت، که‌چی ده‌بینین که‌یسی توندوتیژیی سێکچواڵی له‌مێژووی خه‌باتی چه‌کداری هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ وشه‌ڕڤانان له‌ سه‌رجه‌م به‌شه‌کانی کوردستانی گه‌وره‌ له‌سه‌ر ئاستی ناوخۆ وجیهانیش تۆمارنه‌کراوه‌ یاخود زۆر ده‌گمه‌نه‌، ئه‌گه‌ر ڕوویدابێت. شیکردنه‌وه‌ی ئه‌م بابه‌ته‌ پێویست به‌ توێژینه‌وه‌ی قوڵ وزانستی ده‌کات، که‌ ده‌کرێت له‌ داهاتوودا ئه‌نجامی بده‌ین.

## سه‌رچاوه‌کان:

### سه‌رچاوه‌ی کوردی وعه‌ره‌بی:

١. هورمی، حسو. (٢٠٢٣). (ص٣٧). *عملية قتل و بيع وشراء النساء والفتيات الإيزيديات من قبل داعش*. هولندا. دراسة.

٢. امين، ڕۆشنا. (٢٠٢٣). (لا١٠٩-١٤٧). *تاوانی ڤێمیسایدله جینۆسایده‌کانی ده‌رسیم و ئه‌نفال و شه‌نگال. له: مێژووی کۆمه‌ڵکوژی کوردان*. کۆمه‌ڵێک نوسه‌ر. سلێمانی: مه‌کته‌بی شه‌هیدان و تێکۆشه‌ران (ی.ن.ک).

٣. غلوريا غاجولي. (٢٠١٤ ). *العنف الجنسي في النزاعات المسلحة: انتهاك القانون الدولي الإنساني وقانون حقوق الإنسان. المجلة الدولية للصليب الأحمر*

٤. الفدرالية الدولية لحقوق الإنسان fidh. (٢٠١٨). *العراق- الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الإيزيدي: دور المقاتلين الأجانب في تنظيم "داعش".*

٥. ICRC. (٢٢ ,٩ ,٢٠١٦). *اللجنة الدولية للصليب الأحمر: سؤال وجواب: العنف الجنسي في النزاعات المسلحة.*
Available at: https://www.icrc.org/ar/document/sexual-violence-armed-conflict-questions-and-answers

٦. هيومان ڕايتس ووچ. (١٤ ,٤ ,٢٠٢٣): *بيان مشترك حول تنفيذ قانون الناجيات الإيزيديات.*
Available at: https://www.hrw.org/ar/news/2023/04/14/joint-statement-implementation-yazidi-survivors-law

٧. اسلام ويب. كتاب "*عون المعبود شرح سنن أبي داود، ومعه حاشية ابن القيم: تهذيب سنن أبي داود وإيضاح علله ومشكلاته*" المؤلفون: محمد أشرف بن أمير بن علي بن حيدر، أبو عبد الرحمن، شرف الحق، الصديقي، العظيم آبادي (ت ١٣٢٩هـ). دار الكتب العلمية – بيروت. الطبعة: الثانية، ١٩٩٤.

### سەرچاوەی ئینگلیزی وئەڵمانی:

8- Hope, S. J. (2017). (P.11). *Ist es möglich, sexuelle Gewalt als Kriegswaffe gegen Frauen, Männer und Kinder zu verhüten oder nur die Nachwirkungen zu behandeln?* EuroISME

9- Baaz&Stern. (2013). (P.2). *Sexual violence as a weapon of war? Perceptions, prescriptions, problems in the Congo and beyond /.* Zed Books.

10- Stiglmayer, A. (1993). *Massenvergewaltigung : der Krieg gegen die Frauen.* Freiburg im Brsg., Kore.

11- Gysi u. Rüegger. (2018).(P.9). *Handbuch sexualisierte Gewalt. Therapie, Prävention und Strafverfolgung.* Göttingen. Hogrefe.

12- Kizilhan, J. (2019). (P:4). *Stellungnahme zum Völkermord an den Jesiden und deren psychischen und gesellschaftlichen Folgen.* Berlin: Deutscher Bundestag Ausschuss für Menschenrechte und humanitäre Hilfe.

13- Deutscher Bundestag. (2021). *Vergewaltigungen von Frauen im Zweiten Weltkrieg.* Deutscher Bundestag.

14- ANF NEWS. (27. 4 2022)*: Der Femizid in Şengal ist ein Verbrechen an der Menschlichkeit.*
Available at: https://anfdeutsch.com/frauen/der-femizid-in-Sengal-ist-ein-verbrechen-an-der-menschlichkeit-33326

15- Berse, F. (3. 8. 2020). *ZEIT ONLINE GmbH: Genozid an Ezid*innen: Sexualisierte Gewalt gegen Frauen ist eine Kriegswaffe.*
Available at: https://www.zeit.de/zett/politik/2020-08/genozid-an-ezidinnen-sexualisierte-gewalt-gegen-frauen-ist-eine-kriegswaffe

16- Böhme, J. (23. 11. 2022). *Mehr als eine Kriegswaffe: sexualisierte Gewalt in Kriegen und bewaffneten Konflikten.* HEINRICH-BÖLL-STIFTUNG. Available at: https://www.boell.de/de/2022/11/23/mehr-als-eine-kriegswaffe-sexualisierte-gewalt-kriegen-und-bewaffneten-konflikten

17- Çiçek, M. (2017). *Genozid und Feminizid gegen Frauen in Kurdistan anhand historischer Beispiele. "Genozid und Femizid an Ezid*innen: Traumaverarbeitung braucht Anerkennung, Schutz, Selbstorganisierung und Gerechtigkeit".* Bielifeld: Civaka Azad.

18- Clinton, H. (1. 3. 2012). Internationale Politik.
Available at: https://internationalepolitik.de/de/kriegsopfer-aber-keine-friedenspartner

19- CORA. (2021). Landeskoordinierungsstelle gegen häusliche und sexualisierte Gewalt in M-V: *Sexualisierte Gewalt.*
Available at: https://www.cora-mv.de/index.php/sexualisierte-gewalt

20- Crawford, J. (12. 12. 2023). swissinfo.ch*: Navi Pillay: "Das UNO-Hochkommissariat für Menschenrechte hat die falsche Struktur".*
Available at: https://www.swissinfo.ch/ger/politik/navi-pillay-das-uno-hochkommissariat-fuer-menschenrechte-hat-die-falsche-struktur/49049568

21- EDA. (14. 4. 2023). EDA Sektion Humanitäres Völkerrecht und internationale Strafjustiz*: Genfer Konvention.*
Available at: https://www.eda.admin.ch/eda/de/home/aussenpolitik/voelkerrecht/humanitaeres-voelkerrecht/genfer-konvention.html

22- Fleming, R. (18. 10. 2022). Deutsche Gesellschaft für die Vereinten Nationen e.V.*: Sexualisierte Gewalt in Konflikten – eine bleibende Herausforderung.*
Available at: https://menschenrechte-durchsetzen.dgvn.de/meldung/sexuelle-gewalt-in-konflikten-eine-bleibende-herausforderung

23- Fremberg, S. (8. 3. 2024). Berliner vorwärts Verlagsgesellschaft mbH*: Frauen als Opfer: Wenn sexualisierte Gewalt zur Kriegswaffe wird.*
Available at: https://www.vorwaerts.de/meinung/frauen-als-opfer-wenn-sexualisierte-gewalt-zur-kriegswaffe-wird

24- Kavemann, B. (2024). Freie Wohlfahrtspflege Landesarbeitsgemeinschaft Bayern Landesweite Koordinierungsstelle gegen häusliche und sexualisierte Gewalt*: Sexualisierte Gewalt.*
Available at: https://www.ks-husgewalt-bayern.de/fachinformationen/sexualisierte-gewalt

25- Lohmann, H.-M. (21. 2. 2005). Deutschlandradio*: Rolf Pohl: Feindbild Frau. Männliche Sexualität, Gewalt und die Abwehr des Weiblichen.* Available at: https://www.deutschlandfunk.de/rolf-pohl-feindbild-frau-maennliche-sexualitaet-gewalt-und-100.html

26- medica mondiale e.V. (2023). *Sexualisierte Kriegsgewalt bekämpfen.* Available at: https://medicamondiale.org/gewalt-gegen-frauen/sexualisierte-kriegsgewalt

27- OHCHR. (2023). United Nations High Commissioner for Human Rights: *Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide.* Available at: https://www.ohchr.org/en/instruments-mechanisms/instruments/convention-prevention-and-punishment-crime-genocide

28- Pöls, A. G. (2022). tagesschau*: Die vergessenen Opfer deutscher IS-Terroristen?.* Available at: https://www.tagesschau.de/investigativ/fakt/jesiden-is-107.html

29- Zartbitter e.V. (2024). *Sexualisierte Gewalt- Ein Gesellschaftliches Thema.* Available at:https://www.zartbitter-muenster.de/informationen/sexualisierte-gewalt/begriffsdefinition

30- Mühlhäuser, R. (2023). *Sexual violence in armed conflict*. Militärhistorisches Museum der Bundeswehr. Available at: https://www.youtube.com/watch?v=eSY-VbAAmRA

**ملخص:**

هذه الورقة البحثية التي تحمل عنوان "العنف الجنسي ضد النساء والفتيات كسلاح حرب وإبادة جماعية. النساء والفتيات الإيزيديات نموذجاً" قدم مفهوم العنف الجنسي وتصنيفه كسلاح في الحرب والنزاعات المسلحة والإبادات الجماعية ضد النساء والفتيات كظاهرة موجودة عبر التاريخ وتم تحديدها منذ فترة طويلة على أنها جزء لا مفر منه وآثار جانبية للحروب والإبادات الجماعية. وقد حظي هذا الموضوع باهتمام الرأي العام والأكاديمي، خاصة في السنوات الأخيرة. إستنادا إلى الأبحاث والتقارير الأكاديمية، غالبا ما يستخدم العنف الجنسي كسلاح لفرض السلطة في المجتمعات التي تتعرض للاحتلال والحروب من خلال الإغتصاب والإذلال والترهيب والقمع لنساءهم وبناتهم من قبل الجماعات المسلحة والميليشيات والقوات الحكومية وحتى المدنيين. ويمارس اليوم هذا النوع من العنف في العديد من دول العالم مثل أوكرانيا وسوريا وأفغانستان والعراق وإثيوبيا وغيرها من البلدان. يتناول هذا البحث أسباب العنف الجنسي في الحروب والإبادات الجماعية وآليات الوقاية وحماية الفئات المستهدفة، وخاصة النساء والفتيات، من هذه الجريمة الشنيعة. ويتناول البحث أيضًا مناقشة التأثيرات الأكثر وضوحًا لهذه الجريمة ضد الإنسانية على حياة الضحايا وحالتهم النفسية والصحية، مما يؤثر بالتالي على بقاء ووجود المجتمعات العرقية والدينية والطائفية. تركز هذه الورقة على استخدام العنف الجنسي كسلاح ضد النساء والفتيات الكورديات، وخاصة النساء والفتيات الكورديات الإيزيديات، أثناء الإبادة الجماعية التي ارتكبها إرهابيو تنظيم الدولة الإسلامية في العراق والشام (داعش) في سنجار والمناطق المحيطة بها. كما تعرض تبحث هذه الورقة البحثية أهم الجهود الدولية التي تم اتخاذها للتصدي هذه الجريمة قانونيا بهدف حظر جريمة العنف الجنسي والمعاقبة عليها وضمان حقوق الضحايا.

**الكلمات المفتاحية**: العنف الجنسي، الحرب، الإبادة الجماعية، النساء والفتيات الايزيديات، داعش

**Abstract:**

This paper is titled ‘Sexual violence against women and girls as a weapon of war and genocide. Yazidi women and girls, for example, introduces the concept and categorization of sexual violence as a weapon of war, armed conflict, and genocide against women and girls as a phenomenon that has existed throughout history and has long been identified as an inevitable part and side effect of war and genocide. This topic has received public and academic attention, especially in recent years. Based on academic research and reports, sexual violence is often used as a weapon to enforce power in societies under occupation and war through the rape, humiliation, intimidation, and oppression of women by armed groups, militias, government forces, and even civilians. Today, this type of violence is practiced in many countries around the world, such as Ukraine, Syria, Afghanistan, Iraq, Ethiopia, and others. This research addresses the causes of sexual violence in wars and genocides and the mechanisms of prevention and protection of target groups, especially women and girls, from this heinous crime. It also discusses the most obvious effects of this crime against humanity on the lives and psychological and health conditions of the victims, thereby affecting the survival and existence of ethnic, religious and sectarian communities. This paper examines the mechanisms and causes of sexual violence in wars and genocides, as well as its use as a weapon of war against Kurdish women and girls, especially Yazidi women and girls, during the genocide against the city of Sinjar and its surrounding areas by the terrorists of the Islamic State in Iraq and Syria (ISIS) in 2014. In addition, the study presents the most important international efforts that have been taken to address, prohibit, and punish the crime of sexual violence and ensure the rights of victims.

**Keywords**: Sexual violence, war, genocide, Yazidi women and girls, ISIS